# هونەری جەنگ

2020 ,12 ,10

**ناوی کتێب:** هونەری جەنگ

**نووسینی:** سوون تزوو

**وەرگێڕانی بۆ فارسی:** "دکتر محمد هادی مؤذن جامی" بە ناوی "آیین و قواعد رزم سون تزو"

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی:** قەرەنی قادری

**پێداچوونەوە و بەراوردکردن:** تەحسین تەها

**نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە:** کاوە فاروق

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٢١٠ )ی پێ دراوە.

**چاپی یەکەم:** ساڵی ٢٠١٥

**چاپی دووەم:** چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر – ساڵی ٢٠٢٠

**پێڕست**

**پێشەکی** ......................................................

**بەشی یەکەم:** لێکدانەوە و داڕشتنی پلان ...................................

**بەشی دووەم:** هەڵگیرساندنی جەنگ ..........................................

**بەشی سێیەم:** گەڵاڵە و تەگبیری هێرشبردن ......................................

**بەشی چوارەم:** ڕێکخستن و ئامادەکاری .....................................

**بەشی پێنجەم:** هێز و وزە ..............................................................

**بەشی شەشەم:** خاڵە لاواز و بەهێزەکان ....................................

**بەشی حەوتەم:** کردە سەربازییەکان ..............................

**بەشی هەشتەم:** فرەجۆریی تاکتیکەکان (نۆ گۆڕاو) ........................

**بەشی نۆیەم:** پێشڕەویی لەشکر (سەربازان) ..............................

**بەشی دەیەم:** تایبەتمەندی و شێوەکانی زەوی (تۆپۆگرافی) ................

**بەشی یازدەیەم:** جۆرەکانی زەوی (نۆ گۆڕەپان) ..........................

**بەشی دوازدەیەم:** هێرش بە ئاگر ...................................

**بەشی سێزدەیەم:** بەکارهێنانی سیخوڕان ...........................

**پێشەکی:**

جەنگ لە ڕەوتی مێژوودا، بەردەوام کێشە وماڵوێرانیی بە دوای خۆیدا هێناوە. دەوڵەتان هاتن و چوون، سنووری جوگرافیی دەیان وڵات بە هۆی جەنگەوە هەڵوەشێندرانەوە و، دەیان خاك و وڵاتیش داگیر کران، هەروەها چەند "وڵات" و "دەوڵەت"ێکیش بنیات نران. لە پاڵ ئەمەیشدا، توێژەران و کارناسانی سەربازی لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤدا بیریان لەوە کردۆتەوە، کە چۆن کۆتایی بە جەنگ بێنن. هەندێکیش جەختیان لەوە کردۆتەوە، کە چۆن بە ڕێگەی جەنگەوە هاوکێشەکان بگۆڕن و، بەردەوام خەنجەر و شمشێریان بەڕووتی بەدەستەوە بووە.

"کارڵ ڤۆن کلاوزفیتز" (١٧٨٠-١٨٣١) فەرماندە و بیرمەندی سەربازی سەبارەت بە جەنگ دەڵێت: "جەنگ کردەوەیەکە لەسەر بنەمای هێز، تا دوژمنانمان ناچار بکەین مل بە داخوازییەکانمان بدەن." هەندێک لە کارناسانی کاروباری جەنگ دەڵێن: "هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتەوە، کە بۆ نزیکەی ٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، چالاکیی سەربازی لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا هەبووە." کانۆی ئەندرسۆن دەڵێت: "لە ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، نزیکەی ١٤ هەزار و ٥٠٠ جەنگ ڕوویان داوە و، نزیکەی ٣ ملیارد و نیو کەس گیانیان لەدەست داوە. تەنیا ٣٠٠ ساڵ لە مێژووی مرۆڤدا، ئاشتی بەرقەرار بووە."

گەورەترین جەنگ کە لە مێژوودا ڕووی داوە، کۆمەڵە جەنگێک بووە کە بە "جەنگی سەد ساڵە" ناوی دەرکردووە؛ ئەو جەنگەی کە لە ساڵی ١٣٣٧ تا ساڵی ١٤٥٣ زایینی، لە نێوان فەڕەنسا و بریتانیادا ڕووی دا. ئەو جەنگە ئەوەندە درێژخایەن بوو، کە فەڕەنسا و بریتانیا هەر یەکەی لەو ماوەیەدا، پێنج پاشای بەخۆیەوە بینی. کورتترین جەنگیش لە مێژووی جیهان لە نێوان "بریتانیا" و "زەنگبار"دا ڕووی دا؛ دەگوترێت "لە ٣٨ تا ٤٥ خولەکی خایاندووە." بریتانیا بە "کەڵکوەرگرتن لە کەرەسە و دەرفەتەکانی، هەروەها بە سوودوەرگرتن لە خیانەتی هەندێک لە زەنگبارییەکان"، دەستی بەسەر ئەو وڵاتە ئەفریقییەدا گرت.

بەڵام شارەزا و لێهاتوویەکی وەکوو "سوون تزوو" (٥٤٤-٤٩٦ پ. ز) سەرەڕای ئەوەی کە لە مەیدانی

جەنگ و گەڵاڵەکردنی هزری جەنگیدا بەتوانا بووە، بیری لەوە کردۆتەوە کە چۆن خۆی لە شەڕی درێژخایەن بپارێزێت، یان تەنانەت چۆن بتوانێت بەبێ شەڕ، شارێک بگرێت. لەو بوارەدا فەلسەفە، یەکێک بووە لە بنەماکانی کار و نووسینی ئەو. سوون تزوو، گەورەترین کارناسی کاروباری سەربازی بوو لە سەردەمی حوکمڕانیی بنەماڵەی بەهار و پاییز لە "چین".

مامۆستا تزوو بە هۆی لێهاتوویی خۆی و کۆکردنەوەی ئەزموونی پێشینانی خۆی لە جەنگدا و، لەژێر کاریگەریی فکری یەکەمین فەیلەسووفی چین "لائۆ زی" (٦٠٤ – ٥٣١ پ. ز)، کە بنیاتنەری فەلسەفەی "تائۆئیزم" واتە "ڕێوشوێن"ە، هەروەها لە سەردەمی "کۆنفۆشیۆس" (٥٥١-٤٧٩)یشدا ژیاوە، توانی "هونەری جەنگ" بنووسێت. ناوبانگی سوون تزوو لە کاتی خۆیدا لەوەوە دەستی پێ کرد کە بە لەشکرێکی ٣٠ هەزار کەسی، کە ئەوکات فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پاشا "وۆ" بوو، توانی لەشکری ٢٠٠ هەزار کەسیی سوپای وڵاتی "چوو" تێک بشکێنێت.

مامۆستا سوون تزوو لە مێژووی "چین"دا بە "کەسایەتیی پیرۆزی سەربازی" باسی لێوە دەکرێت. تزوو لە "هونەری جەنگ"دا، "یاسای گشتی و تاکتیکی سەربازی" گەڵاڵە دەکات. بنەمای کاری سوون تزوو، خوێندنەوە و ناسینە. بۆ خوێندنەوەی دوژمن "هێرش بۆ سەر فکرەکانی ببە." خاڵە لاواز و بەهێزەکانی خۆت و دوژمنت بناسە، لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم کتێبەیە، کە بەوردی باسیان لێوە دەکات. بۆیە بەڕوونی دەڵێت: "نەناسینی دوژمن و نەناسینی خۆت، دەبێتە هۆی شکست لە هەر جەنگێکدا." یان "ئەگەر دوژمنەکەت باش بناسی، ئەوە باش شەڕ دەکەیت و تووشی شکست نابیت." بۆ خۆناسین و ناسینی دوژمن، سوون تزوو ڕوو لە بۆچوونەکانی "لائۆ زی" دەکات و، هەر لەسەر بنەمای هزرە فەلسەفییەکانی ئەوەوە، دەچێتە ناو ناخی هێزەکانی خۆی و دوژمنەکانییەوە.

فەلسەفەی تائۆ، بەتەواوی یارمەتیدەری "سوون تزوو" بووە بۆ داڕشتنی ستراتیژی و تاکتیکی جەنگ؛ ناسینی هاوکێشەکان، داڕشتنی ستراتیژی، دەسپێکردنی جەنگ، ئاکامی جەنگ و لە کۆتاییدا، سەرکەوتن بە کەمترین تێچوو لە مەیدانی جەنگدا. بۆیە: "داگیرکردنی وڵاتێک بەبێ شەڕ و بەدیلگرتنی دوژمن بەبێ کوشتنی"، بە لووتکەی سەرکەوتن دادەنێت.

"هونەری جەنگ" تەنیا باس لە ستراتیژی و تاکتیکی جەنگ (تاکتیکی ئەڵماسی، تاکتیک بەبێ کەموکورتی، وەکوو ئەڵماسی بێغەش) ناکات، بەڵکوو ڕێکوپێکی و دیسیپلینی ئاسنین لە کاری ڕۆژانە، لە "هونەری جەنگ"دا بەرچاوە. بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە باس لە پەیوەندیی گورجوگۆڵی نێوان فەرمانڕەوا و فەرماندە، فەرماندە و سوپا دەکات و زۆر گرینگیی پێ دراوە. وێدەچێت لەژێر تیشکی بۆچوونەکانی "سوون تزوو" سەبارەت بە ڕۆڵی فەرماندە لە شەڕدا بێت، کە "ژۆرژ بێنیامین کلێمانسۆ" (١٨٤١-١٩٢٩) سیاسەتوانی فەڕەنسی دەڵێت: "جەنگ لەوە گرینگترە کە بەدەست سەربازانی بسپێری"، چونکە ستراتیژی دەبێ بەرژەوەندیی گشتیی وڵات دابین بکات.

بەم حاڵەوە، ئەو دەرفەتەیشی بۆ فەرماندە هێشتۆتەوە، کە بەتەواوی ملکەچی فەرمانەکانی فەرمانڕەوا نەبێت. هۆکاری ئەمەیشی بۆ ئاڵوگۆڕی بەردەوام لە ژیاندا گەڕاندۆتەوە، کە دەبێ فەرماندە بەگوێرەی ئاڵوگۆڕی مەیدانی ڕەفتار بکات. هەر لەبەر ئەوەیە مامۆستا تزوو دەڵێت: "لە جەنگدا، دوو جار تاکتیکێک بەکار مەهێنە." چونکە هەر دۆخێك خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی و تاکتیکی گونجاوی دەوێت.

بەشی کۆتاییی کتێبەکە پەیوەندیی بە زانیاریی تایبەتەوە هەیە، کە ئەویش دەبێت بە ڕێگەی سیخوڕانەوە (جۆرەکانی سیخوڕ) مسۆگەر بکرێت، تا بتوانرێت زانیاریی زۆر ورد و جێی متمانە بەدەست بهێنرێت. گەرچی کتێبەکە ناوی "هونەری جەنگ"ە، بەڵام لە کاروباری بازرگانی و ئابووریيشدا سوود لەم کتێبە وەردەگیرێت.

مرۆڤ، عەقڵ و کەرەسەی جەنگ، تەوەری نووسینەکەی "مامۆستا تزوو"وە. بۆیە ڕاشکاوانە و بوێرانە پێی وایە باشترین ستراتیژی ئەوەیە کە: "شارێک بەبێ جەنگ و بە کەمترین تێچوو بگریت." هەر لەو بارەیەوە زۆر بەڕوونی دەڵێت: "شەڕکەرێکی لێهاتوو و شارەزا لە کاروباری سەربازیدا، سەربازەکانی دوژمن بەبێ شەڕ ناچار بە خۆبەدەستەوەدان دەکات و بەبێ گەمارۆ شارەکانیان داگیر دەکات و، بەبێ ئەوەی حکوومەتەکانیان تووشی شەڕ بکات (جەنگێکی درێژخایەنی سەربازی) دەیانڕووخێنێت." زانیاری، خوێندنەوە، لێکدانەوە، ناسینی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی خۆت و دوژمن، وشیاری، لێبڕاوی و دیسیپلین، ئەو چەمکە گرینگانەن، کە سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن.

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە لە ئێران، کتێبی "هونەری جەنگ" لەلایەن چەند کەسێکەوە کراوەتە فارسی، بەڵام من وەرگێڕانەکەی "دکتر محمد هادی مؤذن جامی" بە ناوی "آیین و قواعد رزم سوون تزو"م هەڵبژارد. هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "لەگەڵ دەقە چینییەکەدا بەراوردی کردووە."

شتێکی تریش کە لە کارەکەی "دکتر محمد هادی"دا سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو، لە هەندێک شوێندا بۆ تێگەییشتنی زیاتر لە پەیامەکەی "سوون تزوو"، کەڵکی لە کاری چەند وەرگێڕێکی ئینگلیزیزمان وەرگرتووە و لە پەراوێزی هەندێک لاپەڕەدا نووسیونی. منیش لەو شوێنانەی کە تووشی ڕستەی قورس و تا ڕاددەیەک ناڕوون دەبووم، لە وەرگێڕانی تێکستەکەدا پەنام بۆ دەبردن.

ئەرکی قورسی بەراوردکردن و پێداچوونەی ئەم وەرگێڕانە، کاری کاکە "تەحسین تەها بەهائەددین"ە، کە بە سەرنج و تێبینییە وردەکانییەوە، هاوکارم بوو. بەڵام هەر خۆم بەرپرسی کەموکورتییەکانی ئەم وەرگێڕانەم.

**کورتەیەک لە چەند بەشی کتێبەکە**

**بەشی یەکەم**

**لێکدانەوە و داڕشتنی پلان**

**میلیتاریزم [سەربازیگەری] (و شێوازی شەڕکردن)**، گرینگییەکی ژیانی و فرە زۆری بۆ وڵات هەیە. ئەوە چەقی سەرەکیی مەرگ و ژیانە و ڕێگەیەکە لە نێوان مانەوە و لەنێوچووندا و، دەبێ بەوردی تاوتوێ بکرێت تا هیچ شتێک فەرامۆش نەکرێت. لەبەر ئەوە، لەسەر بنەمای پێنج هۆکار، لێکی بدەنەوە. لەسەر بنەمای لێکدانەوە، بەراوردکردن و بارودۆخیان، بەوردی ئەمانە بخوێننەوە. ئەم هۆکارانە بریتین لە: **یەکەم**: تائۆ (ڕێوشوێن)، **دووەم**: ئاسمان. **سێیەم**: زەوی. **چوارەم**: فەرماندە. **پێنجەم**: یاسا و ڕێسا.

**بەشی دووەم**

**هەڵگیرساندنی جەنگ**

دەبێ ئەوە بزانین، کە شەڕ بە مەرجێك بایەخی هەیە کە بە سەرکەوتن کۆتایی بێت، بەڵام ئەگەر کاتی سەرکەوتنەکە زۆر درێژە بکێشێ، چەکەکان کول (و بێکەڵك) و سەربازان دڵسارد (و ناڕازی و دواجار بێهیوا و زۆر ماندوو) دەبنەوە. (لە ئەنجامدا) کاتی هێرش بۆ سەر شار هێزیان نییە، یان تووشی شکست دەبن. درێژەکێشانی جەنگ، هیچ سوودێکی نییە بۆ وڵات.

بە درێژخایەنبوونی جەنگ و کەمیی سەرچاوەکانی وڵات، کاتێک کە چەکەکان لەکار دەکەون و، ورە دادەبەزێت و هێزی ئێوە کەم دەبێتەوە و خەزێنە بەتاڵ دەبێت، حوکمڕانانی تری خۆجێیی، دەرفەتەکە دەقۆزنەوە و کەڵک لە بێهێزی و تەنگەتاویتان وەردەگرن و لە دژی ئێوە دەجووڵێنەوە. پاشان، هیچ کەسێک، چەندە زانا و عاقڵیش بێت، ناتوانێت ڕێ لەو ئاکام و ئەنجامانەی کە دواتر ڕوو دەدەن، بگرێت.

لەبەر ئەوە، ئەگەر ئێمە سەبارەت بە پەلە و هەڵەشەییی ناعاقڵانە لە شەڕ شتێکمان بیستبێت، بەڵام هەرگیز شایەتی زیرەکی لە دواکەوتن و گنخاندنی ئۆپەراسیۆن نەبووینە (واتە کردەوەیەکی سەربازی و وشیارانە و لێهاتووانە، نابێت زۆر بخایەنێت). بۆیە درێژەکێشانی جەنگ، هیچ سوودێکی نییە بۆ وڵات.

**بەشی سێیەم**

**گەڵاڵە و تەگبیری هێرشبردن**

سەد سەرکەوتن لە سەد شەڕدا، لووتکەی باڵادەستی و سەرتری نییە؛ لووتکەی باڵادەستیی سەربازی، تێکشکاندنی بەرگریی دوژمنە بەبێ شەڕ. بەو هۆیەوە، باشترین و گرینگترین ئۆپەراسیۆنی سەربازی، بریتییە لە بنبڕکردن (و هێرش بۆ سەر بنەمای جەنگ، یانی) گەڵاڵە و ڕێوشوێن (و ستراتیژیی دوژمن). دوای ئەوە (باشترین شێواز)، دابڕدابڕکردنی هێزەکانی دوژمن و ڕێگەگرتنە لە یەکگرتنەوەیان. دوایی، هێرشکردنە بۆ سەر سوپای دوژمن لە مەیدانی شەڕدا و، (دواجار خراپترین شێواز)، هێرشبردن و گەمارۆدانی ئەو شارانەیە کە کەلوو [بورج] و شووره [و چەپەر]یان هەیە.

**بەشی چوارەم**

**ڕێکخستن و ئامادەکاری**

شەڕکەرە لێهاتووەکانی سەردەمی کۆن، کەسانێك بوون کە نەك تەنیا سەر دەکەوتن، بەڵکوو بەسانایی سەرکەوتنیان مسۆگەر دەکرد، بەڵام ئەوە، نەدەبووە هۆی ناوبانگیان بە زیری، وشیاری، ئازایەتی و بەتوانایی. ئەوان بەبێ هەڵە لە شەڕدا سەر دەکەوتن و، بێ شک هەڵەنەکردنیش سەرکەوتنی بەدوادا دێت. هەر لەبەر ئەوە، مانای لێزانی، سەرکەوتنە بەسەر ئەو دوژمنەدا کە پێشوەختە شکستی هێناوە. بۆیە شەڕکەری لێهاتوو، خۆی دەخاتە دۆخێکەوە کە شکست بێتە مەحاڵ و، دەرفەتێک و چرکەیەکیش بۆ شکستپێهێنانی دوژمن لەکیس نادات.

بۆیە لە شەڕدا، فەرماندەیەکی (ستراتیژیست و) براوە، تەنیا خوازیاری ئەو شەڕەیە کە پێشوەختە سەرکەوتنی تێدا مسۆگەر کردووە. بەپێچەوانەوە، کەسێک کە پێشوەختە شکستی هەڵبژاردووە، سەرەتا

شەڕ دەکات و دواتر بە دوای سەرکەوتندا وێڵ دەبێت.